Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080315

# فەرهەنگی ئاوەزی (عەقڵی) و ئەو بوارانەی شیکردنەوە لە بارەیەوە دەکەن

سەباح ڕەشید قادر
زانکۆی سەڵاحەدین/ کۆلێژی زمان/ بەشی زمانی کوری
بروا ڕەسول ئەحمەد
زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زمانی کوردی

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

فەرهەنگی عەقڵی، زیندە زمانەوانیی، زمانەوانیی دەماری، خانە دەمارییەکان، وەرگرتن و فێربونی زمان

*Corresponding Author*

dr.sabahrashed@yahoo.co
brwa@uor.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "پەیوەندیی نێوان فەرهەنگی عەقڵی و ئەو زانستانەی شیکردنەوە لەبارەیەوە دەکەن" لە سنوری زانستی (زیندەزمانەوانیی – (Bio-linguistics)دایە و تیایدا هەوڵدەدریت لە ڕوانگە جیاوازەکانی زانستە پەیوەندییدارەکان، بە زانستی فەرهەنگی عەقڵییەوە شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ فەرهەنگی عەقڵی و تایبەتمەندییەکانی بکرێت. توێژینەوەکە لە دوان و شیکردنەوەکانیدا پەیرەوەی تەنها لە ڕێبازی شیکاری پەسەنکەرانە ناکات، بەڵکو بە گوێرەی پێویستیی توێکارییەکی ئەو ئەندامانەی مێشک و جەستەش دەکات کە بەرپرسی بەرهەمهێنان و بەکارهێننای ئاخاوتنن. توێژینەوەکە لە دو بەشدا جۆر و پێویستیی ئەم پەیوەندییانە ڕوندەکاتەوە، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پەیوەندیی نێوان فەرهەنگی عەقڵی و زانستی زمانەوانیی، لە بەشی دووەمیشدا پەیوەندیی فەرهەنگی عەقڵی لەگەڵ هەریەک لە زانستەکانی توێکاریی دەماری و زانستی دکپێکردن و زمانەوانیی دەماری خراونەتە ڕو.

لە کۆتاییدا ئەنجامە بەدەستهاتوەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

